# سۆسیۆلۆژیای ڕۆژهەڵات لە شیعرێکی پەشێودا

گۆڕینی قەبارەی نوسین: − +

sdiqSaid 14.01.29



سەدیق سەعید رواندزی

یەکێك لە شیعرە دیارەکانی (پەشێو)ی شاعیر، ئەو شیعرەیە، کە بۆ بیرمەندی عەرەبی هادی عەلەوی نووسیوە، لە سۆنگەی ئەو هەڵوێستە مرۆڤانەیەی،لە سەروبەندی کیمیابارنکردنی هەڵەبجەدا نواندی.کاتێ ڕایگەیاند،شەرم دەکات لەوەی کەهەڵگری ناسنامەیەکە ،هەمان ناسنامەی ئەو فرۆکەوانەیە ،کە هەزاران مرۆڤی بێ تاوانی لە چەند چرکەیەکدا کوشت.

وەك نرخاندن‌وبەرزراگرتنی،ئەو هەڵوێستە مۆراڵی‌ومرۆڤدۆستانەی عەلەوی، پە شێوی شاعیر لە شیعرێکدا ستاییشی کرد.لەو دەقەدا، پەشێو بە شێوەیەك وەسفی ئەو بیر مەندە دەکات،تا ئەو ڕادەیەی شوناسێکی جیاوازی لە هەمووعەرەبەکان پێدەدات. ئەمەش وەك ئاماژەیەك، کە ئەو مرۆڤێکی جیایە لە هەموو ئەوانی تر.بەو مانایەی چۆن ئەو توانی لە نێو هەموو ئەوانی تردا،هەڵوێستێك بنوێنێت‌و خۆی جیابکاتەوە،لەهاوشوناسەکانی.لەکاتێکدا ئەو فرۆکەوانەی هەڵەبجەی کیمیا بارانکرد،هەڵگری هەمان ئەو ناسنامەیە ،کە ئەو بیر مەندە هەیەتی.ئەمەش بۆ خودی شاعیر جێگەی پرسیارە .هەروەك خۆشی لە شیعرەکەیدا، ئەو پرسیارە دەکات،کە ئەو بیرمەندە باڵای بەرزی خۆی لە کوێ هێناوە ،لە کاتێکدا وڵات پڕە لە باڵا نزمەکان!بەو مانایەی ئەو چۆن توانی بەرامبەر بەو کارساتە هەڵوێست بنوێنێ،لە کاتێکدا هاو نەتەوەکانی بە بێدەنگی سەیری کارساتەکەیان دەکرد.

وەلێ بە بۆچوونی من،پەشێو لەو شیعرەیدا،لە پاڵ ستاییشکردنی هەڵوێستی ئەو بیر مەندە،ئاماژە بەلایەنێکی دیکەی هەرە گرنگ دەکات،کە ئەویش واقیعی کۆمەڵایەتی‌وکلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە .بەدەربڕینێکی تر، لە پەراوێزی ئەو شیعرەوە، دەشێ سۆسیۆلۆژیای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بناسین‌و جیای بکەینەوە ،لە هەر شوێنگەیەکی دیکەی جوگرافی‌وئەتنیکی.چونکە پەشێو لە شیعرەکەیدا،چەندین خەسڵەتی کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی باسدەکات،کە هەموویان دەلالەتن بۆشوناسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.بەو مانایەی ئەو تایبەتمەندییانە تەنها لەو شوێنە دا بوونیان هەیە. کاتێکیش، ئەو خەسڵەتانە بەراورد دەکات،بە کەسیەتی ئەو بیر مەندەوە،دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەو دەبێ مرۆڤێکی تر بێت،جیا لەو شوناسە نەتەوەیی‌و جوگرافیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی پێی دەناسرێتەوە.پەشێو هەڵوێستەکانی ئەو بیرمەندە بەرامبەر بە کێشەی کورد، دەکاتە پاساوێك تاکو لە پەراوێزیەوە ئاماژە بە مێژووی دواکەوتووی ڕۆژهەڵات بە گشتی بدات.بەتایبەتیش لە ئاستی سیاسی‌و هەڵوێستی مرۆییدا.پەشێو ئاماژە بە چەند سیمایەکی کلتووری‌ومێژووی دەکات،کە لە ڕۆژهەڵاتدا بەرجەستەن‌و شوناسی ئەتنیکی ئەو جوگرافیایە پێکدەهێنن.کاتێکیش ئەو سیمایانە،بەراورد دەکات بە کەسیەتی ئەو بیرمەندەوە،ئیدی دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ عەلەوی بیرمەند،کەسیەتیەکی دیکەی جیا بێت، لە هەموو ئەو مرۆڤانەی لە ڕۆژهەڵات دەژین.بۆیە پەشێو لەو شیعرەیدا چەند ستاییشی عەلەوی دەکات لەپای هەڵوێستی مرۆڤانەی،ئەوەندەش وەسفی سۆسیۆلۆژیای ڕۆژهەڵاتمان بۆدەکات.ئەو جوگرافیایەی کەسێکی وەك عەلەوی تیادا دەژیت،بەڵام جیاواز لە هەموو ئەوانی تر.بۆیەشە پەشێوی شاعیر بە سەرسامیەوە،لە عەلەوی دەپرسێت،کە ئاخۆباڵای بەرزی خۆی لە کوێ هێناوە،لە کاتێکدا وڵات پڕە لە کورتە باڵا؟هەڵبەتە مەبە ستی پەشێو لەو ئیدیۆمەدا،جیاکردنەوە یا خود بە کەم تەماشاکردنی کە سانی خاوەن پێداویستی تایبەت نییە،بەقەد ئەوەی لەو دەربڕینەدا دەیەوێ پە یامێکی سیاسی بگەیەنێت.کورتە باڵا لەو شیعرەدا، ئاماژە نییە بۆ خەسڵەتێکی بایۆلۆژی، کە لەبەشێك لە مرۆڤەکاندا دەبینرێت.بە پێچەوانەوە،مەبەستی پەشێو لەو دەربڕینە، ڕەهەندێکی سیاسیەکە پەیوەستە بەهەڵوێست‌وبێ هەڵوێستی مرۆڤەکانەوە ،لەهەمبەر کارساتێك کە بەسەر هاوڕەگەزە کانیانەوە دێت.بەومانایەی چۆن عەلەوی توانی بەڕەنگێکی تر خۆی نیشاندات،لە کاتێکدا وڵات پڕە لە یەك ڕەنگی؟چۆن توانی هەڵوێست بنوێنێ،لە کاتێکدا لە زەمەن‌وشوێنێك دەژیا،تەژی بوو لە بێ هەڵوێستان؟ لێرەوەش لە ڕوانگەی پەشێودا،نابێ ئەو مرۆڤە، لە ڕەگەزی ڕۆژهەڵات بێت.بەڵکو دەبێ کە سێکی دیکەی جیا لەوان بێت.بۆیە پەشێو لە شیعرەکەیدا

دەڵێ:_

تۆ لەسەردەمی کورتە باڵایان...

باڵای بەرزی خۆت لە کوێ هێناوە؟

تۆلەسەردەمی قاتیونەهاتا..

وەرزی سەوزی خۆت لە کوێ هێناوە؟

پەشێو،سەردەمی بێ هەڵوێستەکان، بە سەردەمی کورتە باڵایان وسف دەکات.ئەم دەربڕینە هێندەی ڕەهەندێکی سیاسی هەیە،هێندە دەلالەت،لە خەسڵەتێکی بایۆلۆژی مرۆڤەکان ناکات وەك باسمان کرد.کەواتە مەبەستی پەشێو لەودەربڕینەدا،جیاکردنەوەوبەکەم تەماشاکردنی مرۆڤانێك نییە،کە لە ڕووی بایۆلۆژیەوە جیاواز دەکەونەوە،لە گەڵ باڵا بەرزەکاندا.چونکە دواجارهەردووکیان هەر مرۆڤن.بەڵام لەروانگەی شاعیردا،کاتێ لە نێوان ملیۆنان کەسدا،بیرمەندێکی وەك عەلەوی بە دەنگی بەرز هەڵوێست لە ئاست ئەو کارساتە وەردەگرێت،ئەوا وەك مرۆڤێك جیاواز دەکەوێتەوە لە گەڵ هەموو ئەوانی تردا.هەڵوێستی ئەوبیرمەندە،باڵابەرزیەو بێ هەڵوێستی ئەوانی تریش،باڵا نزمیە.هەردوو دەستەواژەی بەرزیو نزمیش پێوانەیەکن،بۆ جیاکردنەوەی دوو توخم لە یەکتری.لە ڕووی شێوەو ناوەرۆکەوە.کەواتە لە سەردەمێکدا،کە بەبەرچاوی دنیاو مرۆڤایەتیەوە،نەتەوەیەك جینۆسایدو کیمیا باران دەکراوکە سێکیش لە ئاست ئەو کارساتەدا،بەوشەیەکیش هەڵوێستێکی دەرنەبڕی،چۆن عەلەوی توانی ئەو بێدەنگیە بشکێنێتوخۆی جیا بکاتەوە لە هەموو ئەوانی تر؟لێرەوەش لە ڕوانگەی پە شێودا، مرۆڤێکی بە هەڵوێستی وەك عەلەوی،دەبێ چۆن بەرهەمی کلتوورو ژینگەی ڕۆژهەڵات بێت؟کام ڕۆژهەڵاتیش؟ئەو ڕۆژهەڵاتەی پەشێو لە شیعرەکەی خۆیدا،بەو پەڕی ناشرینیو دواکەوتوویی،وەسفی دەکات.ئەو جوگرافیایەی هەمیشە،سیمبولی خوێنڕشتنو چەوسانەوەو بێ مافیوبێ ئازادی مرۆڤەکان بوە.بۆیە پەشێو دیوی ڕاستە قینەی ڕۆژهەڵاتمان نیشاندەدات،کە دەشێ لە پەراوێزیەوە ،سۆسیۆلۆژیای ئەو کۆمەلگایە بناسین.پانتایەك کە هەڵگری مەرگدۆستیوبێ هەڵوێستیە.بۆیە لە وەسفی ڕۆژهەڵاتدا،پە شێوی شاعیردەلێ:_

لەرۆژهەڵاتی ڕۆژ لە بن پێدا...

لەرۆژهەڵاتی..

دەستنوێژهەڵگرتن بە خوێنو پەترۆل..

لەرۆژهەڵاتی مارە بە جاشورشكوئەسپێدا..

لەو ڕۆژهەڵاتەی نامووس فیرارەو

پەنابەرێکە لەناودەرپێدا...

لەو کۆپڵە شیعریەدا،پەشێوی شاعیر وێناکردنێکی وردی ڕۆژهەڵاتمان بۆ دەکات.بەڵام بە دیوێکی ئەو پەڕی نێگەتیف.وێناکردنێك بەهەردوو ڕەهەندی کلتووریوسیاسی.لە ئاستی کلتووریدا،ئاماژە بۆ بەشێك لەو ترادیسیۆنونۆڕمە باوانە دەکات،کەوەك شوناسێکی پەروەردەییوکۆمەڵایەتی، ڕۆژهەڵاتیان پێ دەناسرێتەوە .ئەو نۆڕمانەی دەلالەتێکن بۆ داخراوی هزری مرۆڤەکان،بەبەراورد لەگەڵ مرۆڤی خۆرئاواییدا.لەتێڕوانینی بۆ ژیان.هەموو ئەو دیاردە ناشرینانەی پە شێو ئاماژەی پێداون,وەك(مارە بە جاش،ڕشكوئەسپێ،نامووس)بەشێکی سەرەکین، لە کلتووری کۆمەڵایەتیودنیابینی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی.ئەم دیاردانە،بوونیان سیمبولی دواکەوتووییوداخراوی هزری مرۆڤەکانوئەنتی پێشکەوتنەکانە. هەموو ئەودیاردانە،نیشانەیەکن بۆ دۆگمایی هزریو پەروەردەییو کلتووری.بەتایبەتیش خودی ئەو دیاردانە،بەزەقی لە کۆمەلگا خۆر هەڵاتیەکان،بوونیان هەیە .لە کاتێکدا لە ڕوانگەی پە شێوی شاعیر،چەمکی شەڕەفـومۆراڵی کۆمەڵایەتی،نابەسترێتەوە،بە نێو گەڵەوە ! بەڵکو هاتنە دەنگـوهەڵوێست نواندن،بە دیوێکی مرۆڤانە لە هەمبەر ڕووداوەکاندا،بە شێکە لە مۆراڵوئاکاروڕەوشتی کۆمەڵایەتیانەی جوان.پەشێو مەبە ستیەتی ئەو پەیامە بگە یەنێتە ڕۆژهەڵات، کە نامووس ئەوە نییە بە جەستەی ئافرەتەوە،بەڵکو بێ هەڵوێستی جۆرێکە لە بێ مۆراڵی!بەدەربڕینێکی تر، لە ڕوانگەی پەشێودا،نامووس بە تەنیا پەیوەست نییە بە نێو دەرپێوە .بەڵکو هەڵوێست نواندنومرۆڤدۆستیوهاتنە دەنگ لە کارساتی نەتەوەیەکیش،دەلالەتێکن بۆ مۆراڵی

مرۆڤ.بەومانایەی ئەگەر مرۆڤێك،هەموو ئەو خەسڵەتە کۆمەڵایەتیانەی تیادا بە جەرستە نەبن،کە پێوەرێکن بۆ مرۆڤبوون،کەواتە مۆڕاڵو ئاکاری کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤەکان، لە کوێدایە؟پەشێودەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێتە ڕۆژهەڵات،کە ئایا بێ هەڵوێستی،بێ مۆڕاڵی نییە؟ئایا ناموس‌وشەڕەف بە تەنیا،لە نێو جەستەی ژندایە؟ئایا بێدەنگبوون لە ئاست جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکدا، جۆرێك نییە لە بێ ناموسی؟بۆیە کاتێ شاعیر ئاماژە بەوەدەکات،کە لە ڕۆژهەڵاتدا ناموس پە نابەرێکە، لە نێو دەرپێدا،مانای وایە هەموو خەسڵەتەکانی دیکەی مرۆڤ،لە بەرامبەر ئەو تێڕوانینەدا،هیچ بە هایەکیان نییە.بە تایبەتیش کە ئێمە دەزانین،ئەقڵیەتی خۆرهەڵات لە خوێنەوەیدابۆ ماناکانی شەڕەفو ناموس،هەمیشە ئەوەیە کە ئەو چەمکە ببەستێتەوە،بە جەستەی ژنەوە.بەومانایەی ناموس لەوێوە کۆتایی دێت،کە ئەو دڵۆپە خوێنە دەڕژێت.ئیدی بێ دەنگیو بێ هەڵوێستی لە ئاست قڕکردنی نەتەوەیەك،مانای بێ مۆڕاڵی ناگەیەنێت.کەواتە لەڕوانگەی شاعیردا،بێ هەڵوێستیش جۆرێکە لە نەبوونی مۆڕاڵو ئاکاری کۆمەڵایەتی.ئەمەش بەشێکە لەو تێگەیشتنە کۆمەڵایەتیەی،ڕۆژهەڵات بۆ ماناکانی ناموس‌و شەڕەف هەیەتی.لای ئەوان ناموس لە نێو دەرپێدایە .ئیدی مرۆڤ دەکوژرێت،شکۆی دەشکێندرێت،نیشتمانی داگیر دەکرێت،هاوشوناسەکانی جینۆساید دەکرێن،ئەمە گرنگ نییەو بێدەنگی وبێ هەڵوێستیش لە بەرامبەر ئەم کارەساتانەدا،بێ مۆڕاڵی نییە. وێرای ئەمەش ئاماژە کردن،بۆ ڕەشك‌وئەسپێ کە دوو زیندەوەری یەکجار بچووکن‌ودەکەونە قژی مرۆڤەوە، پێوانەیەکن بۆ دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی پەشێوی شاعیردا.بە دەربڕینێکی تر،ڕەشك‌وئەسپێ بەرهەمی دواکەوتوویە.کاتێکیش،ڕۆژهەڵات پڕ دەبێ لە ڕەشك‌وئەسپێ، مانای وایە ئەو پەڕی دواکەوتوویيە،لەو کۆمەڵگایەدا.کۆمەڵگایەکیش تەژی بێت لە ڕەشكو ئەسپێو هاوکات،ناموسی تیادا لە نێو دەرپێ دابێت،نابێ بەلامانەوە سەیربێت،کاتێ لە بەرامبەر جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکدا،بێ هەڵوێست دەبن. کاتێکیش لە نێو هەموو ئەمانەدا،مرۆڤێکی وەك عەلەوی،هەڵوێست دەردەبڕێت،مانای وایە ئەمە دەبێ کەسێکی جیابێ،لەهەموو مرۆڤەکانی تر،بەمەش ئەو باڵایەکی بەرزی هەیەو،ئەوانی تریش باڵایەکی نزم.وێرای ئەمەش لە ئاستی ساسیدا،پەشێوی شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت،کە ئەگەرچی ڕۆژهەڵات ئەوەندە دەوڵەمەندە،بە پەترۆل،تاڕادەی دەستنوێژپێیەوە شوشتن،وەلێ چەندیش دواکەوتوون.کە ئەگەر پەترۆل وەك سەرمایەکی سرووشتی،بوونی لە هەر شوێنێك نیشانەی پێشکەوتن‌وژیاریبوون بێت،ئەوا لە ڕۆژهەڵاتێکی پڕ لە ڕەشكو ئەسپێ،هیچ بایەخێکی نییە .ئەگەر نەوت بۆ مرۆڤو لە خزمەت خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان دابێت، لە کۆمەڵگاکانی تر،ئەوا بە پێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا، ئامرازێکە بۆکوشتن‌وخوێنڕشتن‌و نەهامەتیەکانی مرۆڤ. ئەگەر نەوت وەك سەرچاوەیەك هێما بێت بۆخۆشگوزەرانی ژیان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگە،ئەوا لەڕۆژهەڵاتدا، نەهامەتیەکی گەورەیە.بۆیە لەو پانتایە جوگرافیەدا کە ڕۆژهەڵاتە،گەرچی نەوت ئەوەندە زۆرە،کەبشێ هاوشێوەی ئاو، بەکار بهێنرێت.وەلێ کوا ئەو پێشکەوتن‌وخۆشگوزەرانیەی نەوت،بۆ مرۆڤەکانی هێناوە؟ئایا ئەو بۆمباو فرۆکەیەی هەڵەبجەی پێ کیمیا بارانکرا،بەرهەمی ئەو نەوتەی ڕۆژهەڵات نەبوو؟کە عیراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە؟نەوت لە ڕۆژهەڵاتدا چ بە هایەکی هەیە،ئەگەر لەبڕی خۆشگوزەرانی،نەهامەتی بۆ مرۆڤەکان بێنێت؟ئەگەر لەبڕی پێشکەوتوویی،دواکەوتوویی بەرهەم بێنێت؟ ئەگەر لەبڕی سەربەستی،مرۆڤ بە کۆیلە بکات؟نەوت لەڕۆژهەڵاتدا،بە درێژایی مێژووی دۆزینەوەی،هەمیشە ئامرازێك بوە بۆ خوێن ڕشتن‌و مەرگدۆستیەت‌وێرانکردنی جوانیەکانی ژیان.کامانەن ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵاتدا نەوتیان هەیە،بەڵام ژیارو پێشکەوتوون؟ بە پێچەوانەوە لە گەڵ بوونی ئەو سامانە سرووشتیەشدا،وەلێ ڕۆژهەڵات سەرزەمینی ڕەشك‌وئەسپێیە.لەو ڕوانگەیەوە پەشێوی شاعیر مەبەستەتی،ئەو پەیامە بگەیەنێت،کە ئەگە رچی ڕۆژهەڵات تە ژییە لە سامانی سرووشتیو نەوت،وەلێ کوای ئەو پێشکەوتنانەی بەرهەمی ئەو سامانەن؟نەوت چ مانایەکی دەبێت،ئەگەر ببێتە مایەی لە نێوچوونی نەتەوەیەك؟ئایا نەبوونی باشتر نییە؟لێرەوەش کاتێ لە کۆمەڵگایەکی لەو شێوەیەدا،مرۆڤێکی جیاواز بە هەموو پێوەرەکانەوە،لە مرۆڤەکانی تر دەردەکەوێت،ئەوا بۆ پەشێوی شاعیرگەشبینی‌وئومێدێکی گەورەیە،کەلەڕۆژهەڵاتی ڕەشكو ئەسپێو مارە بەحاش،کەسێك لە بەرامبەر ستەمی نەتەوەی کوردو دۆزە کەیدا،هەڵوێست بنوێنێت.بۆیە دەڵێت:__

ئەی ڕۆژهەڵاتی کورتە باڵایان..

ئەم باڵا بەرزەت سەد جار پیرۆز بێت..

ئەی چاخی قاتی‌وساڵانی نەهات..

ئەم وەرزە سەوزەت سەد جار پیرۆز بێت..

بەمەش پەشێوی شاعیر، موژدەی دەرکەوتنی مرۆڤێکی جیاواز دەداتە ڕۆژهەڵات.ڕۆژهەڵاتێکی دواکەوتوو.ڕۆژهەڵاتێك کە لە بەرامبەر جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکدا،هەموویان بێدەنگیان هەڵبژارد،جگە لە عەلەوی مرۆڤ‌وبیرمەند.عەلەوییەك کە لە نێوان هەموو کورتە باڵاکاندا،باڵای زراڤی وەك سنەوبەرێك کە سەری چووە بە ئاسماندا دەردەکەوێت....

**سەدیق سەعید ڕواندزی**